# لە پەراوێزی ڕۆژێك بۆ پێشمەرگە

**د. ئەحمەد حەمەدئەمین**

یادکردنەوەی دامەزراندنی سوپای عێراقی لە ٦ی کانوونی دووەمی ١٩٢١ و بوونی بە پشووی فەرمی لە هەرێمی کوردستان چەند ساڵێکە بە گشتی و ئەم ساڵ(٢٠١٥) بە تایبەتی بوو بە جێگەی مشتومڕ، بە تایبەت لە نێو تۆری کۆمەڵایەتی فەیسبووکدا، ئەمەش وای کرد چەندین کەس باسی ئەوە بکەن کە پێویست دەکات لە بڕی یادکردنەوەی ڕۆژی سوپای عێراقی، ڕۆژێك بۆ پێشمەرگە لە هەرێمی کوردستان دابنرێت و بێت بە پشووی فەرمی.

جێگای وەبیرهینانەوەیە ئەوە یەکەمین جار نییە، ئەو بابەتە دەبێتە جێگای گفتوگۆ و لە چەندین بۆنەی جیاواز و تایبەتدا گفتوگۆ لە بارەدا کراوە، پرسیاری ئەوەکراوە کام ڕۆژە شیاوی ئەوەیە بە ڕۆژی پێشمەرگە دابنرێت؟. لەم بارەیەوە لە چەند ساڵی ڕابردوو، بەرێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە دانیشتنێکی تایبەت بەو بابەتە پێشنیاری ئەوەی کرد کە ڕۆژی ١١ی ئەیلوول وەك ڕۆژی پێشمەرگە دەست نیشان بکرێت، لەبەر ئەوەی سەرەتای دەستپێکی قۆناغێکی نوێیە لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان، کە تێدا شۆڕشی ئەیلوول لە باشووری کوردستان دەستی پێکردووە، جگە لەوەش گوایە شۆڕشەکە کوردستانی بووە و مۆرکی هیچ پارتێکی سیاسی پێوە نییە، بەڵام دواتر بە هەر هۆکارێك بێت ئەو مەسەلە دیزەبەدەرخوونە کرا و باسی لێوە نەکراوەیەوە.

جێگای ئاماژە باسو خواسی ئەو بابەتە وەك ئاماژە بۆ کرا وادیار لە پەرلەماندا دووبارە زیندوبۆتەوە، بەمەش لە چەند ڕۆژی ڕابردووە بەرێز کارۆد محەمەد سەرۆکی لیستی گۆڕان لە خوولی پەرلەمانی پێشوو، ڕاوێژکاری یاسایی سەرۆکی پەرلەمان لە ئێستاکەدا، لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا داوای ئەوەی کرد وەك پسپۆرێکی بواری مێژوو ئەگەر بکرێت بتوانیین هاوکاریان بکەین بە دیارکردنی ئەو ڕۆژەی وشەی پێشمەرگە بەکارهاتووە. ئیدی لەو مەسەلەیەوە جارێکی دیکە هەمان ئەو چیرۆکەمان گیرایەوە کە بۆ یەکەمین جار ئەو وشەیە لە کۆماری کوردستان بەکار هاتووە، کە گوایە لە کۆبوونەوەیەکدا قسە لەسەر ئەو مەسەلەیە کراوە، دواتر یەکێك لە خزمەتگوزارەکانی ئەو کۆبوونەوەیە پێنشیاری ئەوەی کردووە کە باب و باپیرانمان لە بری سەرباز وشەی پێشمەرگەیان بەکارهێناوە، بەمەش وشەکە لە لایەن ئامادەبووانی دانیشتنەکە پەسەند کراوە. لە وەڵامی ئەوەدا کاك کاردۆ وتی ئێمەش گوێی بیستی ئەوە بووین، بەڵام ئەگەر بکرێت ڕۆژەکە دیاری بکرێت کە کۆبوونەوەکەی تێدا کراوە باشترە.

دوای ئەوەی بەڵێنماندا لەو مەسەلەیەدا هاوکاریان بکەین. ئەنجام کەوتینە سوراغکردنی بابەتەکە، چ لە ناو سەرچاوەکان چ لە ڕێگا پسپۆرانی بواری مێژوودا. دواجار برای بەڕێز دکتۆر عوسمان دەشتی وتی شتێکی لەو شێوە بابەتە لە ڕۆژنامەی کوردستان، کە هی سەردەمی کۆماری کوردستانە ئاماژەی بۆ کراوە. بۆیە یەکڕاست داوای ئەوەمان لە بەڕێزیان کرد ئەگەر ئەو ڕۆژنامەیەی لادەست دەکەوێت ئەوە سوپاسی دەکەین، هاوکاریمان بکات. ئیدی ڕۆژی دواتر کە چوون بە سوپاسەوە ڕۆژنامەکەی ئامادەکردبوو. بەمەش بۆمان ڕووبوویەوە کە لە ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە (١٢) لاپەڕە (٣) کە لە ٢٠ ڕێبەندانی ١٣٢٤ کە دەکاتە ٩ی شوباتی ١٩٤٦ دەرچووە، نووسراوێك بە ژمارە (٣٧) لە ١٥ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ کە دەکاتە ٥ی شوباتی ١٩٤٦ ئاراستە ئیدارەی ڕۆژنامەی کوردستان کراوە تێدا هاتووە:"

**ادارەی روزنامەی میللی کوردستان**

**بەرگەیەك لە القابی قەدیم کە بە تازەگی لە دانیشتوی ئەفسەراندا تصویت کراوە لەگەل دەنیردریت پیویستە لە روژنامەیدا دستور بە چاپ کردنی دەفەرموون.**

| **اصطلاحات قدیم** | **اصطلاحاتی تازة** |
|---|---|
| **١- سەرباز** | **پیش مەرگە** |

...

**سەرۆکی ستادی هیز مەرکەزی دیموکراتی کوردستان – مرادی**".

شایەنی باسە، دکتۆر عوسمان هەر بەوەند نەوەستا، بەڵکو لەگەڵ یەکتر بینینمان کەوتە گفتوگۆ لەسەر مەسەلەکە و ئاماژە بۆ ئەوە کرد، کە ڕەنگە ئەو مورادییە ( ئیبراهیمی سەلاحی مورادی بێت)، ئەگەرچی ئەوەند دڵنیا نەبوو، بەڵام دواتر بە تێروانینمان لە کتێبی " **کوردستانی ئێران لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی لە جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورد ١٩٣٩–١٩٧٩**" بەڕێز دکتۆر یاسین سەردەشتی، دەرکەوت بۆچوونەکەی دکتۆر عوسمان دەشتی ڕاستە، لەبەر ئەوەی لەو کتێبە لە لاپەڕە(٢٤١) ئاماژە بۆ ئەوە کراوە و نووسراوە:" **...، ئیبراهیم سەلاح کە پێیان دەوت ئیبراهیم خانی ساروقامیشە کرا بە سەرۆکی ستادی گشتی ...**".

جێگە گوتنە، ئەوەی بە لای ئێمەوە نوێ بوو ئەوە بوو، کە برای بەرێز کاك یوسف مەنتك لە تۆری کۆمەڵایەتی فەیسبووك لاپەڕەیەکی گۆڤاری زاری کرمانجی بڵاوکردبۆوە، ئاماژەی بۆ ئەوە کردبوو بۆ یەکەمین جار وشەی پێشمەرگە لە لایەن حوسێن حوزنی موکریانییەوە بەکار هاتووە. ئیدی بە تێروان لە بابەتەکە دەرکەوت ڕاستە لە گۆڤاری زاری کرمانجی ژمارە ( ٦) ساڵی ١٩٢٦ لە لاپەڕە (١٧) بابەتێك لە ژێر ناویشانی **"دردی دەرون"** ئاماژە بۆ ئەوە کراوە و نووسراوە: **" لە سفری سلگان مراد رابع دا شێخ شمس الدین نقشبندی ورمەی بە خوی و شیست هزار نفرەوە دەبیتە پیش مەرگەی اوردو کرجستان و ایروان و دارالسلام فتح دکا..."**. بەمەش دەردەکەوێت وشەی پێشمەرگە پێشینەیەکی مێژوویی هەیە و ئەو خزمەتگوازەر ڕاستی گووتووە کە باب و باپیرانمان ئەو وشەیان لە بری سەباز بەکار هێناوە.

دواجار ماوەتەوە بڵێین لە هەر کات و سەردەمێك ئەو وشەیە بەکارهاتبێت ئەوە گومان لە کوردیی بوونی نییە، بەڵام ئەوەی گرنگە پێشمەرگە وەك سمبولی خەبات و تێکۆشان و پارێزەری دەستەکەوتەکانی ئەم ڕۆکەی هەرێمی کوردستان پێویست بەوە دەکات ڕۆژێکی تایبەتی بۆ دابنرێت، لێرەشدا پێمان باشە ڕۆژی ٩ی شوبات وەك ڕۆژی پێشمەرگە دەست نیشان بکرێت، لەبەر ئەوەی دورە لە مۆرکی حزبی، جگە لەوە لایەنی کەم ڕەزامەندی دوو بەشی کوردستان واتە باشووری و ڕۆژهەڵاتی لەسەرە. ئیدی بە ئومێدی ئەوەین بەجدی کار لەسەر ئەو مەسەلە بکرێت و ئایندەیەکی نزیك ئەو رۆژە بە یاسا لە پەرلەمان دیاری بکرێت.